# گوڵە سورتاوەکانی حەقیقەت



عومەر کەریم بەرزنجی

باخەوانێک بەخەم ساردییەوە
بیر لەزەردبوونی ئەو گوڵانەو
ژاکانی پەڕەی ئەو یاسەمینانە دەکاتەوە
عەیامێک بەدیار بینینی خەونێکەوە
گەڵای وەریوی کالیپتۆسەکانیان دەژمارد
بێئەوەی بیر لەو (با)یە بکەنەوە
ڕێڕەوی فڕینی پەپولەکانی گۆڕیو
چاوی کانیەکانی بەرائەتی کوێرکردەوە
باخەوانێکمان هەبوو بەخەم ساردییەوە
بەباڵی ئەو پەپوولانە
باوەشێنی ئەو گوڵە هەڵقرچاوانەی دەکرد
کەسێ نەبوو پێمان بڵێ
ڕێگاکانی عەشق
دەمان بەنەوە ئاتەشگەکانی هەلابوون
باخەوانێکمان هەبوو فێری کردین
سەرمەستانە بۆنی ئەو سێوانە بکەین
بێئەوەی پەی بەگەرای مەرگ بەرین
کە لەناو سێوە کرمۆڵەکاندا
خۆیان لەبۆسەنابوو
باخەوانە خەم ساردەکە
بەدیار خوێنی لەبەر ڕۆیشتنی گێلاسەوە
موناجاتی سوتانی ئەو پەپوولانە
بۆ ئەو گوڵانە دەگێڕێتەوە
لەیەکەمین شەوی هیجرەتدا
قەدەر یەکەمین بزماری
بەتابووتی یەکەمین خەوندا داکوتیو
کەسێک نەهات، ڕاڤەی خوریەی
دڵی ئەو دارانەمان بۆ بکات
بەر لەوەی دەمی تەورێک
خۆی لەلەشیدا گوم بکات
ئەو باخەوانانەی ئێمە
تەبیعەتی زێوانیان گرتووە
لەگەڵ وەرینی هەر گوڵێکدا
لەگەڵ سوتانی باخچەکانی بەرائەتدا
بوخچەی یادەوەریمان تورِ دەدەنە
ئاتەشگەکانی فەلاکەت